وان بابێ سەرداری بو .. قەسەکر ، کو ئەو گێرە بەو وەسا هات دا بێژی ستێرکا خول بابێ وە یا گرتی .

هەکو دەیك گەهشتیە وان ئاخفتنا .. گری خول گەویێ دا .. د خریقین چو .. روندك د چاڤا دا پەنگیان . دەمی بەرێ کورِی ڤ دەیکێ کەتی ، ب ئاخڤتنەکا روکم گوتە دەیکا خو : ـ
ـ ئودا ما تو هەر گاڤ نا بێژی من : تو زەلامێ مالا مەیی .. ڤێجا نە کە گری .. هەمی شولا ئەز دێ کەم.

ـ وەیە.. تو زەلامێ مالا مەیی .. تو سیناهیا چاڤێت مەیی .. تو ستوینا مالێیێ .
ـ ئەرێ .. هەرێ وە بێژە .. بەلێ ئودا ، هەکو وە ل بابێ من هاتی .. ئاگرێ وان و قورمێ دارێ چ لێ هات .
ئینا خویشکا وی بەرسڤا وی دا ..

ـ بیرا من تێت .. هەکو تەرمێ بابوی گەهاندیە گوندی ..مە دیت ئاگرێ وان هەر پێ هەل بو .
ـ ئو قورمێ دارێ چ لێ هات .
دەیکێ پشتی روندکێت خو ڤەمالین گوتە کورِی ..

ـ ئەو قورم ژی ما ل وێرێ .
ـ ئەرێ ڤێجا هەکو لڤان روژا ئەزو هەڤالیت خو د چنە بەر کارکا .. ئەوی قورمی دێ قەت قەت کەم .. دا نەوروزێ ئەڤ

ساله ئاگری بەردەمی ما نوکە ئەو قورمێ هشك نە مایە وێرێ .
ـ کورِێ من .. هەکە ئەوژی نە ما بیت وێرێ .. نێ نوکە گەلەك دارێت دی هشك بینە .
ـ بلا راوەستن تا ئەز بو وان د چمە وێری .. دا هەمیا بکەمە ئاگرێ نەوروزێ .

هنگی دەیکا رەبن د بەر زێمارەکێ سەرێ خو د لەیزاند (خوزی سەد خوزیکێت وێ روژێ ، دەمێ تو ژی وەك بابێ خو بڤری رادکەیو ، د چیە گارەیی .. دا دارێت هشك بکەیە گزرە ، نێ ئەو روژ هزرەتا منە) .

1984 / 1 / 23 .

# کـاتی پشکووتنی گوڵی دار سێوەکان

**نـووسینی چیـرۆك نـووسی ئـۆکـرانی :**
**میـخـائیـل کۆتسیوبینسکی**
**وەرگێڕی لە ئینگلیزییەوە : نەوزاد عبداللە ئاغاباوە**

**ناونیشانی کتێبەکە :**
M. KOTSYUBINSKY STORIES

لەبەر ئەوەی چیتر لە توانامدا نەمابوو گوێ لەو دەنگە پەستکەرە بگرم کە ژووری خوێندنەوەکەمی پڕ کردبۆوە، زۆر بە توندی دەرگاکەم پێوەدا. ئـا لەم ژووری نووستنـەدا بوو مندالەکەم دەمرد.

نزیکەی سێ شەو بێ ئەوەی چاوم بچێتە خەو لە ژووری خوێندنەوەکەمدا دەهاتم و دەچووم، دەمارەکانم وەکو تاڵە گیتار گرژ ببوون، بە نزمترین دەنگ رادەچڵەکیم، گلۆپەکەش لەژێر ستارە مقەباکەیـەوە ژوورەکەی کـردبوو بـە دوو بەشـەوە، سەرەوە تاریك و خواریشەوە ڕووناك بوو تارمایی شتەکان تێکەڵ ببوون لە ژوورەکەدا. جێگەی نووستنەکەم کە ماوەیەکی زۆر بوو هەر بەری نەکەوتبووم، بەڕاستی دیمەنێکی ترسێنەری هەبوو .

بەفر دەباری ئەودیوی پەنجەرەکە هەندێ کلۆ بـەفری پێـوە لکابوو. ئا لەم کاتەدا وام هەست دەکرد کە بە تەنیا لە ژوورێکی نـاو پاپـۆڕێکی گەورەدام کـە لە کاتی گـەردەلوولێکی شێتی دەریادا، بۆ گەشتێکی دوورو درێژ بە تەنیایی بەڕێ کەوتبم. بەڕاستی زۆر هەستم بە دڵتەنگی و تـەنیایی دەکـرد. زۆر بە تەواوی ئاگام لە هەموو شتەکان بوو هەرچەندە بە تەواوی لە دەریـای غەم و پـەژارەدا نقووم بـووبووم. مێـزەکەمم بـردە

ئەولاوەو وێنەکەی کە هەڵواسرابوو ڕێکم کردەوە «ئاوابێ باشە ها»، بەڵام ئەو دەنگە پەستکەرە هەر کۆتایی نەدەهات، هەرچەندە دەرگاکەشم داخستبوو بەڵام هەر بە چاکی گوێم لێبوو.

نەدەچووم بۆ ژووری نوستنەکە....باشە بۆچی نەدەچووم؟ کچەکەمم دەهاتەوە بەرچاو دەستە خرپنە بچووکەکانی بەسەر بەتانی یەکەوە. سنگیم دەهاتەوە بەرچاو کە چۆن لەژێر کراسە بچووکەکەیدا هەڵدەبەزی یەوە لێوە وشکەکانی کە زۆر بە شپرزەیی هەناسەیان هەڵدەکێشا. هەرچەندە کچەکەم زۆر شەرمن بوو، بەڵام زۆر بە دڵخۆشی یەوە هەردوو دەستی کردبووە ملی پزیشکەکەی هاتبوو بۆلای. ئاخ کچە ژیکەڵە بچکۆلانەکەم، کچە گوێ ڕایەڵەکەم بەراستی ئەمەبوو کە دلی داخورپاند. خۆزگە ئەم نەگبەتی یە کۆتایی دەهات. بە بچوکترین دەنگ هەناووم بەردەبۆوە. وام هەست دەکرد کە شتێکی نائاسایی ڕوودەدات. گیانەوەرێکی سەیر بە جووتێ باڵی ڕەشی گەورەوە لە پەنجەرەکەوە هاتە ژوورەوە، زۆر بە نەرمی بە ناو ژوورەکەدا هاتو چوو جارێك چریکاندی‌و ڕوحێکیش کێشرا. گوێم شل کرد، ماڵەکە لەوە نەدەچوو خەوت بن. شتێکی گەورە هەر چەندە نەدەبینرا، لە ژوورەکەدا هەستی پێ دەکرا. گوێم لە هەناسەکانی، لە چرپەچرپی، لە دەنگی لێدانی دلی، تەنانەت گوێم لە نەبزە کەمەکەی دەستیشی بوو. دەمزانی کە خودی ناوەکەی خۆی ئاگادارکەرەوەیەکە. دەبوایە چۆن خۆزگەم بخواستایە کە لە زوڵمی ئەو گیانەوەرە بەدفەڕە ڕزگارم بوایەو بەجێی بهێشتمایەو بچوایەتە دەرەوە. لە ژوورەکەدا، ئەم سەرو ئەوسەر، ئەهاتم‌و ئەچووم لە ناوقەدم بۆخوارە وشك بوو بوو، قاچەکانم بۆ بەڕێوە نەدەبرا، تەنها هەر ئەوەبوو کە لەشمیان ڕاگرتبوو لە ئامێری چنین دەچووم، تەنها مێشکم تالی خەیاڵەکانمی وەکو جاڵجاڵۆکە دەچنی.

لە پەنجەرەکەوە دەریایەکی نەرمی ڕەش‌و تاریك دەبینرا. لە دوورەوەو لە هەندێ شوێنەوە خشپەخشپی پێی ئێشکگرێك دەهات. ئاخۆ دەبێ چەند سەدە بێت کە ئەم گیانەوەرە ئاوا بەم چریکە کێوییەی شەوانی لە خەڵکی شێواندبێت. چەندەها بەرە ئەم گیانەوەرەیان بینی بێت‌و هەر ماویشەتەوە. هێندە کۆن‌و نامۆ دیاربوو کەوای لە پیاو دەکرد وا هەست بکات کە لەگەڵ باووباپیرانی‌دا ڕووبەڕوو بۆتەوەو هاوبەشی ژیانیان دەکات.

بێدەنگی یەکی ئاسایی‌و خۆش لەو شەوە بێ خشپەیەدا هەست پێدەکرا، کە مژدەی پاراستنی ئارام‌و ئاسایشی خەوێکی خۆشی لەو شەوە تەنیایەدا رادەگەیاند. بۆچی جۆری شەوێکی ئاوا بەکار نەهێنم لەو ڕۆمانەدا کە دەستم پێکردبوو؟ ئا.... لەو بەشەدا بەکارم هێنا کە کریستینیا پاش ئەوەی لە شارێکی زۆر خۆش‌و گەورەدا لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە، خۆی لە کوێرە دێیەکدا دەبینێتەوە....

کچە نە دەی‌توانی بنووێت وە نە دەیتوانی پەنجەرەکە بکاتەوە تا کاتی پشکووتنی گوڵەکان ببینێ‌و دەریایەکی ساف شەپۆل ڕەش‌و نەرم ببینێ. خەڵکی دێ هەموو نووستبوون وە دێکەش وەکو کەڵەکە بەرد لەسەریەك هەڵچنرابوو. گوێت لە تەنها خشپەیەکیش نەبوو. نە ئەستێرە وە نە بەحاڵ تروسکایی ڕووناکی لە ژێر ئەم ئاسمانە فراوانەدا نەدەبینرا. تەنها سرپەسرپی پشکووتنی خونچە گوڵەکان وە دەنگێکیش لە دوور کە لە لێدانی دڵی دێوێکی نەبینراوی دەکرد. ئەمانە بەلای کریستیناوە چەند شتێکی تازەو چاوەڕوان نەکراو بوون. کریستینا هەستی کرد کە......

لە پڕێکدا ڕاچڵەکیم ئاە خوایە گیان، باشە ئەوە من چیم دەکرد؟ ئایا لە بیرم چوو بوەوە؟ کچەکەم خەریك بوو دەمرد. گوێم نا بە دەرگاکەوە، هەناسەی خیزەخیزێکی سەیری لێ دەهات، زۆر بەگران هەناسەی دەدا، ئاخ کچە بچکۆلانەکەم ئەوەندە ئازاری هەبوو، کە خیزەخیزی هەناسەکەی‌و تەنگە نەفەسیەکەی وایان لێ کردم منیش نەفەسم ڕاگرت‌و لە دوایی‌دا هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا هەروەکو ئەمە هەناسەدان بۆ کچەکەشم ئاسان بکات. تایەکی گەرم هەموو لەشمی داگرتبوو، هەموو گیانم لەسەرمان دەلەرزی‌و دانەکانم چۆقەچۆقیان پێکەوتبوو نزیکەی سێ شەوی ڕێك بوو نەخەوتبووم. غەم‌و پەژارە دڵیان داگرتبووم. کچەکەم هەڵبژاردەی خۆم بوو زۆر زۆرم خۆش دەویست زۆر بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە کاتێ کە خۆم ئاوا بە ڕووخاوی‌و تەنیایی

دەبینی. تەواو کرژ بوو بووم و دەم و چاوم شێوابوو و فرمێسك بە چاومدا دەهاتنە خوارێ.....

ئەوە چی بوو؟ لە پڕێکدا دەرگاکە کرایەوەو تەپە تـەپی پێی پەتی دەهات ، تۆ بڵێی کۆتاییەکە هاتبێ؟ بۆماوەیەکی زۆر لە جێی خۆم نەجوولام، دڵم زۆر بە زەحمەت لێی دەداو خەریك بوو ڕادەوەستا. گـوێم لە خوڕەی ئـاوەکە بـوو دوای ئەوەی بەلووعەکە کرایەوە. هەروەها گوێم لە دەنگی سەتڵەکەش بوو کە بەر بەلووعەکە کەوت. ئای ئەوە کاتێرینا بوو هەندێ شتی هێنابووە ژوورەوە. من بە خەیـاڵی خۆم کـاتێرینـام بە ژنێکی خەوالووی دەم و چاو پەژاراوی دەهاتە بەرچاو کە بە درێژایی شەو هاتووەو چووە. ئەمیش لینۆشکا ڕۆح پاکەکەی ئێمـەی خـۆش دەویست. پاشـان هەمـوو شتێك هێمن بـووەوە، بەڵام خیـزەخیزی سنگی کچـە بچکـۆلانـەکـەم هێـرشی مـردنێکی مسۆگەری پێوە دیاربوو. ئای چۆن لەو دەنگە ڕزگارم بوایە؟ چیتر لە توانامدا نەمابوو گوێی لێ بگرم . لەگەڵ ئـەوەشدا دڵنیابووم کە ژوورەکەمم هەر بەجێ نەدەهێشت. چیم بکردایە؟ خیزەخیزەکە بوو بوو بە هێمایەکی تایبەتی، چونکە چەند گوێم لێ بوایە، دڵنیا دەبووم لەوەی کە کچەکەم ماوەو نەمردووە. هەر دەهـاتم و دەچووم و ئـەم دەنگەش هـەمـوو گیـانمی وەئێش هێنابوو. شەو درەنگ بوو و چراکەشمان دوکەڵی دەکردو پرتە پرتی بوو کڵپەیەك لە گڕی چراکە هەڵدەستاو دادەمرکایەوە؛ هەر وەك سنگی کچەکەم کە چۆن لە ژێر کراسە بچووکەکەیدا بەرزو نزم دەبووەوە. زۆر دەترسام و شڵەژابووم، هەر زنووقم چوو بوو، سەیری ئەو تاریکی و ڕووناکییەم دەکـرد کە بـە پرتەپرتی چراکە دروست دەبوو. وام بە خەیاڵدا دەهات کە لەو ساتەدا چراکە دەکوژێتەوە؛ ڕۆحیش لەشی کچە بچکۆلانەکەم بەجێ دەهێڵێ . ئای چۆن ساویلکە بوو بووم لەو ساتەدا. مۆمێکم داگیـرسانـدو تۆزێ غیـرەتم هێنایـەوە بەر خـۆم تا چـراکە بکوژێنمەوە . ژوورەکە تاریكتر بوو ئیتر ئەوەندە ڕوونـاکی و تاریکی لە ژوورەکەدا دیار نەما. تەنها تارمایی دڵتەنگییەکی گـەورە لە ژوورەکـەدا دەبینـرا وە ژوورەکـەش تـا دەهـات دڵتەنگتر دەبوو . قاچە ماندووەکانم بەسەر قەنەفە زەردەکەدا ڕاکێشاو سێبەرە چەماوەکەشم لەو لاوە نقووم بوو . تا ئێستاش مێشکم چەندەها بیری جیاواز جیاوازی تێ ئـاخنرابـوو. ئەو بیرانە چیبوون؟. بیرو خەیاڵی هیچ و پووچ و پـارچە پـارچە . بەڵام غەم و پەژارەکەم هەر وەك خۆیـان وابوون. کـەسێك لە دەروونی خۆمدا، لە ناوەوەمدا بەردەوام لێی دەپرسیم، ئەرێ تۆزێکت لە گۆشتی ماسی هێرینگ ناوێ؟ هێـرینگ؟ مـەبەست چییە؟ ئەمە تەنها پرسیارێکی کابرایەکی نامۆبوو و هیچیتر زۆر بە ئاسانی بەسەر دەچوو.

«هایدرۆکوینۆن.... هایدرۆکوینۆن...هایدرۆکوینۆن» بۆچی ئەم وشـەیـەم خۆش دەویست؟ لەگـەڵ هەمـوو هەنگـاوێکمدا دەم وتەوە لەوە دەترسام شێوەی خوێندنەوەکەیم بیرچێتەوە. هـایدرۆکـوینۆن بـۆ چاوە ئـاوساوەکـانم بـاش بـوو . تـۆزێ ئیسراحەتی دەدانێ ؛ ئیسراحەتێکی خـۆش و شیرین. بـاخ و بێستانێکی سەوزو سیحـراوی دەهێنایـە بەر چـاوم و وای لێ دەکردم کە نە خیزەخیزی هەناسەی کچەکەم و نە خشپەخشپی پێی پاسەوانە ئێشك گرەکەم گـوێ لێ بێت . سەعـاتەکـەی ژووری نان خواردن بە توندی و دەنگێکی بەرز دوو جار لێیدا ئەو دوو زرینگە بەدفەڕانە وەکو هەورە برووسکە لێیان دام و وەکو گوێزانی مەقسەلە وابوون هەر کوشتیانم کاتێ کە پەژارەو ئاگادارکەرەوە هەبن و ڕۆحیش وەکـو پەتێکی ڕاکێشـراو کرژ بێت. باشتر وایە کە کات ژمێرەکـە لابەرم و بیوەستێنم؛ بـۆ ئەوەی لە کاتی وادا بەدیار نەخۆشـەوە خەوت لێ نـەکەوێت باشتر ئەوەیە هەتا ئەتوانی ئازارەکانت وەکو خۆی بهێڵیتەوەو درێژەشی پێ بکێشی. هەر کەسێك لە تەنها ساتێکدا ئەمەی بیر بچێتـەوە، بیرخـەرەوەکە وەکـو خشتێك بـەسـەر سـەریدا دەکەوێ و هەموو سنوورەکانی ئارام و سەبری لێ دەبڕێ، کاتێ کـە پەنجـە درێژەکـانی بەسـەر تەنهـا ساتێکی کـارەساتـە ناهەموارەکەدا دەخشێنێ. بێستانە سەوزەکە جارێکیتر لەبەر چـاوم ون بـووەوەو هـەستم کـرد کـە خشپـەخشپـەکـەش دەبیستمەوە. سەیرم کرد بینیم پەنجەرەکە ڕەنگەکەی تەڵخ و تاریك بووەو هەموو شتەکـان لە ژوورەکەدا بـۆجاری دووەم وەدەرکـەوتنەوە . هـەروەکو جـاری پێشوو کڵپـە زەردەکەی مۆمەکە وەك چراکە کەوتە پرتە پرت و تاریکی باڵی کێشا بەسەر ژوورەکەداو سێبەرەکان و تارمـاییەکـان لە تاریکیـیـەکەدا

دەلەرانەوە. بەلام ئەو کاتەش هەر شتێکی تازە هەبوو ؛ لەوانەیە تەلخی پەنجەرەکە بووبێت . چاوم ئەوەندە تیژبووبوو کە هەندێ شتم ئا لەو کاتەدا دەبینی کە لەوەو پێش هەرگیز نەم دەتوانی بیان‌بینم. تەنانەت چاوم لەخۆشم بوو کە بە غەمبارییەوە بەناو ماڵە غەریبەکەمدا دەهاتمو دەچووم. تەنانەت لە دوایی‌دا وام لێ‌هات غەمبارییەکەمم بیر چووەوەو یەك تۆزقاڵ خەفەت لە دڵم نەما.

باشە پاش ئەمانە کچەکەم یان با بمرێ یان بژیو بمێنێتەوە . دەرگاکە جیڕەیەکی لێوەهاتو پزیشکەکەش هاتە ژوورەکەی من . پزیشکەکە کۆنە هاوڕێ‌یەکی خۆم بوو، ڕێك لای قەرەوێڵەی کچەکەمەوە بەرەو رووم هات. تەوقەیەکی لەگەڵ کردمو توووند دەستی گوشیمو سەیری چاومی دەکرد. لە ناو چاوە پڕ ڕێزەکانیدا دیاربوو کە هیچ هیوایەك نەمابوو. تەواو تێ‌گەیشتم هیچ هەوڵێك نەمابوو کە لە توانایدا بێتو نەیکا ڕۆیشتو بەجێ‌ی هێشت. ژنەکەم لەبەر دەرگاکەدا وەستابوو، هەر چاوی لە پزیشکەکە بوو کە دەڕۆیشت، چاوە پڕ هیواو پڕ پارانەوەکانی هەر لە دوای پزیشکەکەوە بوو، هەر وەك پزیشکەکە ژیانی لینۆشکاکەمانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبێ. ژنەکەم رووی وەرگێڕاو ئاوڕێکی لێ‌دامەوە، چاوە ئاوساوەکانی لەناو دڵەڕاوکێو نەنووستندا ڕەش هەڵگەڕابوون . چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسكو زۆر بەلامەوە جوان بوون، قژە ڕەشە خاوەکەی هەمووی لەسەر گەردنی کۆبووبوەوەو زۆر سەرنج ڕاکێشەر بوو ، هەر لە ساتێکدا دەمو چاوە پڕ لە فرمێسکەکەیم بینی، گەردنە بەرزو جوانەکەی، پەرچەمە خاوە بۆن خۆشەکەی کە بەسەر گەرمی لەشە گەنجەکەیدا پەرش بوو بووەوە. هەر کە ڕاوەستا کەوتە گریانو هەنسك‌دانو سەری نووساند بە سنگمەوە، ئا لەم کاتەدا هەستم کرد کە ئەو نەك تەنها هاوسەرێکەو بەس، بەڵکو شۆخێکی سەرنج ڕاکێشەریشە بۆ من هەر وەکو لە خەونمدا بووبێت ئاگام لێ بوو کە مێشکم هەندێ بیری تازەی دروست دەکرد «مەگری»! خۆ هەموو شتێکمان لە دەست نەچووەو هێشتا زۆرمان بە بەرەوە........

ئای کە ڕووداوێکی دڕاندانە بوو، ئەم تەعزیەیە نازانم چۆن ڕووی‌دا لە کاتێکدا کە گەردنە بچکۆلانەکەی کچەکەم لەژێر چڕنۆکی مردندا دەلەرزی. لینۆشکا دەمرد، نا نابێت. نا ئەمە شاتێکی کێویی‌یانەیە. کێ دەتوانێ لێمان بستێنێتەوە؟ کێ هەیە پێویستی بە ژیانی لینۆشکا بێت؟ کێ حەدی هەبوو کە لە کاتێکدا خۆم مابووم بتوانێ لێم بستێنێ؟. ئاخ لینۆشکا سەرچاوەی خۆشیم.... تاقە منداڵەکەم هەرگیز نابێت نا.... نابێ بمری. هەرگیز ئەقڵم نەی دەبڕی بمرێ.

ئاخێك لە لای قەلەوێرەکەوە بەرز بووەوە ، ژنەکەم بە پەلە ڕای کردە لای قەرەوێڵەکەی کچەکەو منیش نەم دەزانی چی بکەم لە ژوورەکەمدا . هەر ئەمسەرو ئەوسەرم ئەکردو لە گیانەوەرێکی بریندار دەچووم. شەقم لە شت‌ومەکی ناو ماڵەکە هەڵدەداو ئارەزووم بوو هەموو دونیا وێران بکەم. ئا ئەمە بوو ترسناکیەکە..... شاتە شاتە کێویی‌یەکە، لە ناو دەروونمدا گوێم لە قیژەیەکی ترسناك بوو توووند دەمم داخستو دانەکانم خستنە سەریەك تا ئازاری دڵی پێ کەم بکەمەوە . "ئەمە بوو سۆزە ئازاردەرەکە" بە هەموو تواناو هێزمەوە نارەزاییم بەرامبەر دەنگێك دەردەبڕی کە لە پشتمەوە دەهات " ئەمەیە یاسای سروشت " وە نەم دەویست ببیستم . هەر لە ژوورەکەدا دەهاتمو دەچوومو لەبەر خۆمەوە بۆڵەم دەهات، بەڕاستی لە دەنگی خۆشم دەترسام . دەمم دەلەرزیو ئارەقێکی سارد بەسەر ناوچەوانمەوە گیرسابووەوە. چووم لەسەر کورسیەك دانیشتمو بە هەردوو دەستم دەمو چاوم شاردەوەو ئاخێکی ساردم هەڵکێشا. ماوەیەکی زۆر لەسەر کورسیەکە دانیشتم. ئەرێ ئەوە خیزەی هەناسەی کچەکەم نەما یان لە خەیاڵمدا بوو هەستم کرد کە نەماوە؟ ئایا ئەوە کۆتایی‌یەکە بوو؟ ژنەکەم ورتەی لە دەم دەرنەهاتو وەلامی نەدامەوە هەناسەی تەنگ بوو بوو . تۆ بڵێ‌ی کچەکەم چاکتر بووبێ چاکتر؟ ئای کچە بچکۆلانەکەم ڕووداوەکە لەوە دەچوو بە دڵخۆشی‌یەوە کۆتایی بێت: تۆ بڵێ‌ی کچە بچکۆلانەکەم خەوی لێ کەوتبێو چاوە جوانەکانی سبەینێ بەرەبەیان بۆ بابە پێ‌بکەنن؟ ئایا ئەمە نەدەشیا؟ باشە منیش وەکو منداڵێك لە مردنەوە نزیك نەبووم، کە چۆن هەموو پزیشکەکان وازیان لێ‌هێنا ؟ ئاخ خوایە گیان هیچ هێزێکی وا گەورە هەیە کە پیاو لێ‌ی بپارێتەوە .

ئەریّ کچەکەم سنگی هەر خیزەی دەهات ؟ نەخێر .... وادیار بوو زۆر بە ئاسانی هەناسەی دەدا ئاخ خۆزگە تۆزێك چاوەکانی دەچووە خەو ! بەس تۆزێك . لەوانە بوو ئەو کاتەی کە پزیشکەکە ڕۆیشت ئێمە بە هەڵەدا چووبێتین ، ئەگینا بۆچی پزیشکەکە ئاوا جەسوورانە سەیری چاوی دەکردم؟ لە پڕێکدا هاوارێکی دڕندانە؛ دایکی بوو کە هاواری کرد ، یەکپارچە ڕای پەڕاندم . پێم زەوی نەدەگرت و لەشمی بۆ هەڵنەدەگیرا بەلام لەگەڵ ئەمانەشدا هەر ڕام کرد ، هەرچی لەبەر دەمم دابوو بەم لاو بەو لادا فرێم دان و هیچم نەدی . لە پێشا دەرگاکەم بۆ نەدۆزرایەوە ، دوایی رام کردە لای ژنەکەم و بینیم کە توووند دەستی کچەکەی دەگوشی . تێگەیشتم کۆتایی یەکە هات . هیچ شتێك لە تواناادا نەمابوو کە چارەی کچەکەمی پێ بکرێت . وە ئەو کاتە بوو کە کچەکەم پێویستی بە من بوو ، چوومە لای کچەکەم و دەستم کردە ملی و هێمنم کردەوەو هەندێ قسەی وام پێ ووت کە خۆشم بڕوام پێیان نەبوو و دەستە ساردە فرمێسکاوی یەکانیم ماچ کرد . دواجار بە یارمەتی کاتێرینا و هێمن کردنەوەو ماچ کردن؛ وە هەندێ ئاوی ساردیشم کرد بە دەم و چاویدا بڕیارم دا کە کچەکەم لەسەر قەلەوێرەکە دوور بخەمەوە .

کچەکەم دوور خستەوە لە قەرەوێڵەکەی و هیچی تر نەی دەقیژاند بەلام بەسەزمانە پڕ بە دڵ دەگریا، ئەم گریانەش باشترین چارەسەری دەردی بوو . ڕام کردە ژووری نووستنەکە . بۆچی؟ خۆشم نەمزانی بۆ، هەندێ شت لەناو ژوورەکەوە ڕایان دەکێشام لە لای دەرگاکە وەستام و دوو دڵ بووم لەوەی کە بچمە ژوورەوەو سەیرم دەکرد . وام هەست کرد کە دەم و چاوم وشك بۆتەوە . چاوەکانم بۆ نەدەتروکا هەر بە تەواوی وشك بوو بوونەوە ، هەموو ئەمانە وەك مێردەزمەیەکی ترسناك سەر سنگیان گرت بووم . ئاخ کچە بچکۆلانەکەم . کچە خۆشەویستەکەم . پێش تۆزێ هەر ڕەنگی نەمابوو و لەسەر قەرەوێڵەکە لە ناوەراستی ژوورەکەدا پاڵ کەوت بوو . هەناسەیەکی سارد لە بەینی لێوە وشکەکانی و دانە بریسکەدارەکانی یەوە دەرچوو . لە چاوە نیوە داخراوەکانیدا گلێنەیەکی شێوە شووشەیی دیار بوو . مێشکم هەموو ئەمانەی بە درێژی وەکو خۆیان تۆمار دەکرد؛ دۆشەکێکی گەورەی سپی ، لەشێکی بچکۆلانە ، زەردە ڕووناکی یەکی کز لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە مۆمە سووتاوەکەش لەسەر مێزەکە بەجێ هێڵرابوو و ڕەنگە مردووەکەی بەسەر دەم و چاوی منداڵەکەمەوە بوو . ئاوێکی زۆریش لەو ناوەدا ڕژابوو . شووشە دەرمانەکانیش لەو لاوە ترووسکایی مۆمە مردووەکەیان تێدا دیار بوو . دەبێ ئەمانە هەمووی لەبەر کەم و هیچیانم بیر نەچێتەوە . نە ئەو لەشە بچکۆلانەیەی کە لەژێر بەتانیەکەدا سرەوتی نەبوو وە نە قژە ئاڵتوونیە بریسکەدارەکەی کە بەسەر سەرینەکەیدا بڵاوبوو بووەوە ، وە نە ئەو بۆنە گەرمەی کە لە لەشە لەرزیوەکەی هەڵدەستا . وام هەست دەکرد کە ئەمانە هەمووی ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ من پێویستی یەکی گرنگ دەبن . باش ئاگام لێ بوو باشیش دەمزانی ئەو کەسەی لەناو دەروونمدا قسەی لەگەڵ دەکردم ، بەرچاوی تاریك کردم و کوێری کردم وە هەر ئەو کەسە بەس بوو بۆ ئەوەی فکری هونەرمەندێك تینوو بکات تا وێنەی کۆتایی ژیانی کەسێك، لەبەرەبەیانی تەمەنیدا بکێشێت ، سەرەڕای بوونی خۆشم . بەلام ئاخ چەند لە پەژارەدا بووم، دڵڕەقی یەکەم دڵی خۆمی پێکا پێویست بوو یەکسەر ماڵەوە بەجێ بهێڵم .

ڕۆیشتم و ماڵەوەم بەجێ هێشت، کاتی پشکووتنی گوڵی دار سێوەکان بوو، ڕۆژ هەلات و دنیای خستە ژێر تیشکی زێڕینی یەوە . دنیا زۆر جوان و پڕشنگدار بوو . چۆلەکەو مەلەکان لەناو قوڵایی ئاسماندا دەیانچریکاند . بەبێ ئاگایی گوڵە سێوێکم لێ کردەوە، لەناو دەستمدا فلیقاندمەوەو بە ئاوەکەی و پەلکەکانی ڕوومەتم تەڕ کرد . پەلکە گوڵەکان لەو ناوەدا بڵاو بوو بوونەوە، بەلام ئایا وەك ئەوەیان بەسەرا هات کە بەسەر کچەکەمدا هات؟ ئا لەو کاتەدا سروشت بۆ هەموو شتێ پێ دەکەنی و دەدرەوشایەوە ناخۆشی و پەژارە لەو شوێنە هەر نەبوو ، وە سەرەتای شانۆیەکی خۆش دەست پێ دەکرا .

دەستم کرد بە گریان و فرمێسك بە چاومدا دەهاتنە خوارەوە وەکو پەلکی گوڵە سێوەکان بەردەبوونەوە . زۆر زۆر بە داخەوە سەیری بنکە شێوە کوپی یە سەوزەکەی گوڵەکەم دەکرد کە بە دەستمەوە مابوو . هیچ حەزم نەدەکرد بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە . بۆ

ـوميەك لەناو باخەكەدا مامەوە. خۆ هەموو شتێ بڕاوەتەوە. تۆ ـری ئێستا ژنەكەم باشتر بوو نەبێت؟ چۆن بزانم؟ هەموو شتێ ـتى هات، بەلام هەرگیز بڕوام نەدەكرد كە تەواو بووبێت و ـچەكەم نەمابێت. تەنها شەش.... نا پێنج رۆژ لەمەو پێش بە ـری بەتی لە ناو ئەم باخەدا ڕاو ڕاوێنی دەكرد. كێ بێ ـكرنی مندالی بە پێی پەتی لە ناو باخدا ، بە لاوە شتێكی ـو ناسك بێت؟ هەر وا ئەزانم دوێنێ بوو كە لە ژێر دار ـلاسە گەورەكەماندا وەستابووین و بۆنی گولە بۆن ـتەكانمان دەكردو دەستمان خستبووە ناو دەستی یەكترو ـزمان هەلبڕی بوو سەیری هەنگەكانی سەرەوەمان دەكردو ـ بەینی گولەكانی دارگێلاسەكەوە سەیری ئاسمانە ـینەكەمان دەكرد وە تیشكی ڕۆژیش بەسەروورددەگیای ناو ـكەی یەكەدا پەرش ببوەوەو زۆر دلخۆش بوو بەلام ئێستا ... ـ. كچەكەم چەند دلخۆشكەرمان بوو و چەند بە قسەو بە ـیتەكانی پێ دەكەنین. جارێكیان لەبەر دەمی كچەكەمدا قژم ـ دەهێنا، كەچی بە پێكەنینەوە هاواری كرد " ئەی لەوە بابە ـری كسك دەدات " بە ملوانكەی ملی دەوت بازنە، كچەكەم ـەرگیز پیتی «ڕ»ی بۆ نەدەووترا.

چۆن هەتا هەتایە ئەوەم بیر بچێتەوە كە چۆن شەوانە ئەهات تا ـچم كات . بە قاچ و دەستە خڕپنە بچكۆلەكانی یەوە بەرەو ـووم دەهات، جلێكی گەرم و گوڕی ناسكی پەمەیی لەبەردا بوو، ـهات و شەو شادی لێ دەكردم، بە دەستێكی كراسەكەی ـگرت و دەستەكەی تری دەكردە ملم و ڕوومەتە بچكۆلانە ـگەرمەكەی دەهێنایە پێشەوە تا ماچی كەم چۆن ئەوەم بیر ـچێتەوە كە چەند لەگەلیدا دلخۆش بووم، یاریم بە قژە زەردە ـئاوریشمی یە جوانەكەی دەكردو سەیری چاوە شینە جوانەكانیم دەكرد؛ ئەو چاوانەیْ كە لە جۆری ڕۆحی چاوی خۆم بوو بەلام پاكترو بێتاوانتر. بەلام ئێستا كچە بچكۆلانەكەم وەكو چی وایە؟... نا... پێویست ناكات بیر لەو مەسەلەیە بكەمەوە. خۆ ئەو مردبوو، دەبێ لە كوێیان دانابێ؟ دەبێ ئێستا چۆن بێت؟ لە پڕێكدا ویستم بزانم ئاخۆ چۆنە....

دەسكێ لە جوانترین خونچە پشكووتووەكانی دارسێوەكانم دروست كردو هەلمگرت بەرەو مالەوە. نەم دەزانی كە دەچمە ژوورەوە، ئاخۆ لە چ ژوورێكدا دەیبینم. بەلام كە گەیشتمە مالەوە چوومە ژووری یەكەم تەنها مێزەكەم بینی و سەر مێزەكەش......

ئای كچە جوانەكەم ، ئەمە ئەو شوێنەیە كە لێیان داناویت . ئای چەند گەورە ببویت هەروەكو تەمەنت شەش سال بێت نەك سێ سال. دەسكە خونچە پشكووتووەكانم بە چواردەوریدا دانا، گولەكان و خونچەكان ناسك و جوان و شیرین بوون هەر وەك كچەكە خۆی. ئەمجا تۆزێ سەیرم كرد . بەرێكی پالكەوت بوو، دەستەكانی ڕەق بووبوون لەم لاو لەو لای خۆیەوە دای نابوون، ئەوەندە نائاسایی بوو هەر لە مرۆڤی نەدەكرد دەتگوت بووكە شووشەی ناو پاكەتە. كراسێكی كورتی سپی وەك خۆی بچكۆلانەی لەبەردا بوو ، جووتێ پێلاوی زەردی بچووكی لەپێدا بوو ئا لەم دواییەدا بۆم كڕی بوو و زۆری خۆش دەویستن.

مۆمەكە بەردەوام هەر دەسووتا تیشكێكی كزی لە ڕووناكی یەكدا دروستكردبوو وە تیشكەكانیش هەر وەكو ماچی كەن ئاوا بەسەر ڕوومەتە ساردە مردووەكانیدا دەلەرزینەوە. سەیری لەشە مەیوەكەیم دەكرد، كە دەستم لێ دەدا هەستم بە شتێكی سەیر دەكرد، هەستم دەكرد كە لەشێكی زۆر نامۆیە پێم و هەرگیز نەم ناسیوە. هەرگیز لەوە نەدەچوو كە ئەمە لەشێكی زیندوو بووبێت و خوێنی گەرمی پێدا ڕۆیشتبێ . لەوە نەدەچوو ئەوە ئەو كەسە بێت كەمن ئەوەندەم خۆش دەویست و ئەوەندشم خەفەت بۆ دەخوارد. بەلام هەر لە پەیكەرە زێڕینەكەیدا لە هۆشمدا دەژیا. بێگومان هۆشم شتێكی جیانەكراوەیە لە خۆمەوە لەوەو پێش هەر لەشە لاوازەی كە لە باخەكەدا ، لە ناو دارسێوەكاندا یاری دەكرد؛ هەمووی تۆمار كردبوو، یاری كردنی تیشكە لاوازەكەی مۆمەكەشی لەسەر ڕوومەتە شین هەلگەڕاوەكانی كچەكە تۆمار كردبوو، تەنانەت هەستە نامۆكانیشمی هەموو تۆمار كردبوو.

بەلام ئەی هۆشم ، ئەزانم ئەم شتانەت بۆچی تۆمار كردوون . ئەزانم ئەی هۆشی ئازاردەرم، ئەمانە ڕۆژێك لە ڕۆژان وەكو پێویستیەكی گرنگ بە كەلكت دێن.

ئاخ كچە ژیكەلانەكەم، خۆ هیچ لێم دلگیر نیت؟